داستانی کوردی (٢)

# رەسولغۆل

## ( فەتحی یەمەن )



ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراورد و
پەراوێز و فەرهەنگۆك

هێمن عومەر خۆشناو

رەسولغۆل

هێمن عومەر خۆشناو

# ڕەئسولغۆل

**(فەتحی یەمەن بە کوردی)**

**له بلاوکراوەکانی**

**دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی**

**دەستنووس**

ژمارە (3)

- **ناوی کتێب: ڕەئسولغۆل (فەتحی یەمەن بە کوردی)**
- **ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و پەراوێز و فەرهەنگۆک : هێمن عومەر خۆشناو**
- **نۆرەو ساڵی چاپ:** یەکەم/ 2017
- چاپخانە: **Grafik / دیاربەکر**
- **تیراژ:** 500 دانە
- **نرخ:** 4000 دینار

له بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (272) ی ساڵی (2017)ی پێدراوە.

# ڕەئسولغۆل

**(فەتحی یەمەن بە کوردی)**

**ساغکردنەوە و پێشەکی و پەراوێز و فەرهەنگۆک**

**هێمن عومەر خۆشناو**

**2017**

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە دەستکەوتنی دەستخەتەکان هاوکارمان بوون بەتایبەتی بەڕێزان:

–سەدیق ساڵح لە بنکەی ژین، وێنەیەکی دەستخەتی ڕەئسولغۆلی خستە بەردەستمان، ئەو دەستخەتەش پێشتر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف وێنەی لەبەرگیراوی دەستخەتەکەی پێشکەشی کتێبخانەکەیان کردبوو، سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان و هیوادارین نمونەیان زۆر بێت.

– عەبدوڵلا ئیبراهیم سکتانی، دەستخەتێکی خستە بەردەستمان.

– مامۆستا مەلا خالید مەلا مستەفا گەردی، لە سەردانێکمان دا بۆ گوندی گەویلان دەستخەتەکانی خستە بەردەستمان و کاك مستەفای نەوەیشی لە ناردنی هەندێ وێنەی تری دەستخەتەکان هاوکارمان بوو.

–پارێزەر تاریق جامباز دەستخەتێکی ڕەئسولغۆلی خستە بەردەستمان و لە بەراوردکرنەکەدا سوودی زۆری مان لێ بینی.

– د.ناسح عوسمان، د.محەمەد عەبدوڵلا فەتحوڵلا، د.ئەمیر ڕەفیق، هاوکار شێخوەسانی، نەوزاد مەجید و عبدالمجید حەیدەری لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی دەستخەتی بەهنەسایان لەلایە، ئاگاداریان کردومەتەوە و لە پەیداکردنیان هاوکارم بوون.

## پێشەکی

داستانی ڕەئسولغۆل کە لە کوردەواریدا، وشەکە دەنگی سێیەم و پێنجەمی دەسوێ و بە ڕەسوغۆلیش دەردەبڕدرێت، داستانێکە وەك داستانەکانی تری (سیسەبان) و (بەهنەسا) باس لە فتوحاتی ئیسلامی دەکات، ئەم داستانەش فتوحاتی یەمەن دەگرێتەوە، لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی لەلایەن ئەبوحەسەن ئەلبەکری نووسراوە و زیاتر لە سەدەیەك لەمەوبەر لە سالآنی 1299 و 1302و 1305 ی کۆچی لە میصر چاپکراوە.

## کورتەی داستانەکە

شێخ ئەبو حەسەن لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (رأس الغـول) داستانەکە دەگێڕێتەوە، گوایە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کەلبی لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕێتەوە: ڕۆژێکیان پێغەمبەر (د.خ) نوێژی بەیانی کرد و پشتی بە میحرابی مزگەوت دا و ڕووی وەك مانگی چواردە دەدرەوشایەوە و خەڵکیش لە دەوری کۆببوونەوە، دیتیان تۆز و غوبارێك هەڵستا، بە جۆرێك ئەو ناوەی داگرت کە بەری ڕۆژێی ڕەش کرد. دوای سعاتێك دە سوار پەیدابوون پیرەژنێکیان لەپێش دەڕۆیشت، تاکو گەیشتنە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (د.خ) و پیرەژنەکە ویستی بێتە ژوور و تەماشای ئەملا و ئەولای کرد و ڕووی کردە پێغەمبەر و بە ڕامان و ترسێکەوە وتی ئەمە مەزنی ئێوەیە یان کەسی دی؟ و ئەم چەند دێرە شیعرانەی خوێندنەوە:

أهل المكارم والصفا خير الورى
من ساد في الدنيا بفضل محمد
فأيكم المبعوث من ال هاشم
نبي زكي في الورى خير مرشد

کـه لـه شـیعرەکە بوویـەوە، گـوتی کامـەتان پێغەمبـەری پـیرۆز و نێردراوی بەخشـندەیە؟ هـاوەڵان وتیـان تـۆ مـانگی چـواردە نـابینی کـە دەدرەوشێتەوە، کە پێغەمبەری بینی ئـەنجا دەسـتی بـە گریانـێ کـرد و هاوەڵانیش لەبەر بەکوڵ گریانی ئەو، ئەوانیش دەستیان بە گریانێ کـرد، پاشان ئەم شیعرەی گوت:

أيا خير مبعــــــوث الى خير امة
ويا خير من يلقي غدا في موقف الحشر
ويا صادق الالفاظ يا هادى الورى
ويا أيها المبعوث في محكم الذكر
أجرني أغثني ثم بادر لنصرتي
على من ظلمنى فقد بليت بالضر
واقتل ذا الباغي الذي عم شرة
على جمع اهل الارض في البر والبحر
وذبح اولادي وافنى عشيرتي
والبسني حزنا على مدة الدهر
فأنت الذي نرجوك عند الملمة
لتأخذ بثأري قبل ان ينقض عمري

که لەخۆبوویەوە، پێغەمبەر (د.خ) و ئـەوەی لـەوێ بـوو دەسـتیان بـە گریانێ کرد، پێغەمبەریش پێی فەرموو ئەی بەندەی خوا بەسە مـەگری و پێم بڵێ چیت بەسەرهاتووە و کێ بەسەری هێنـاوی؟ ئـەویش گـوتی مـن ژنێکی بەنی یەرعوبم و وافیرەم پێ دەڵـێن کچـی صـەوامی یـەرعوبیم کـە بابم گەورەی هۆزەکەیەتی. ئێمە دراوسێی پیـاوێکی سـتەمکارین بـەناوی شەهابی خەسعەمی و کوڕێکی هەیە ناوی مەخاریقە، لە بـەر سـەر زلی بـە (راس الغـول) ناسـراوە و سـوارێکی توندوتیـژ و چەقاوەسـووە، خـودا ئـەوەی بـەزەیی بێـت لـە دڵـی ئـەو کابرایـەی دەرهێنـاوە و کـاتی شـەڕ خوێنێکی زۆر دەرێژێت و ئەو پاڵەوانانە بـە هـیلاك دەدات و خـوێنی ئـەو پاڵەوانانە وەك ئاوی سازگار دەخواتەوە و ڕێ لە هـەموو مـیر و پاشـایان

دەگرێت و ماڵ و سامانیان داگیر دەکات. دوای باوکی کە هاتۆتە سەر تەخت دەستی بە ستەم و تاوان کردووە، عەرەب زۆر لە دەستیان ڕایان کردووە و ئەویش ماڵ و سامانی بە تالآن بردوون و ژن و کچەکانیانیشی کردوونەتە کەنیزە و کێلکەر.

وای لێهات خەڵك زۆر لێی بێزاربون، زۆر کەس لەو عەرەبانە لە ترسی وی کۆچیان کرد، ئەویش ئەگەر پێی بزانیبان هێرشی دەکردنە سەر و هەمووی کەل و کۆم دەکردن و ژن و ماڵیشی بە تالآن دەبردن. منیش باوکێکم هەبوو، زۆر لەو نزیك بوو، بابم نزیکەی چوار فرسەخان لە پاشا دوورکەوتبۆوە، ئەویش هات و داوای لە بابم کرد کە لێی نزیك بێتەوە و لەو بڕیارەی پەشیمان بێتەوە، بابیشم پەشیمان نەبۆوە و ئەویش بابمی کوشت. پاشان منیان بۆ پاشا هەڵبژارد، ماوەیەکی زۆر لای مامەوە و حوکمم لەبن دەستی بوو. ئیدی سەرتان نەیەشینم من چوار کچم هەن، ئەوەندە جوانن دەڵێی مانگن دەدرەوشێنەوە، هەر چواریانمان دانە ئەمیران. ئیدی بەو جۆرە ژیانمان دەگوزەرا، بەلآم ئەو کاتەی هەواڵی تۆمان بیست ئەی پێغەمبەری خوا، لە موعجیزە و قورئانت، ئیدی من باوەڕم بە تۆ هێنا، ئەگەرچی جەنابیشتم نەبینی بوو. دوای ئەوە ئەو ئایینەم بە خزم و کەس و کار و خەڵکی خۆم گەیاند، دوای ئەوەی ئاشکرا بوو، ئەو ڕەئسولغۆلە ستەمکارە پێی زانی، لەشکرێکی ناردە سەرمان ئەوەی خراپ بوو بەسەر ئێمەی هێنا، بتدیبا خەڵك چۆن هاواری تۆی دەکرد! دوای ئەوەی ئێمەی هەموو کۆکردەوە و داوای پەشیمانبوونەوەی لێکردین، ئێمەش پەیمانمان دابوو کە نەگەڕێینەوە سەر بتپەرستی، بە بەرچاوی منەوە کچەکانمی کوشت.

ئێستاش هاتوومه لای تۆ ئه هه‌اڵه‌ت پێ رابگه‌یه‌نم و زۆریش شوکر و سوپاسی خوا ده‌که‌م که منی به دیداری تۆ شاد کرد.
ئینجا ئه‌م شیعره‌ی گوت:
الا یا رسول الله یا خیر البرایا
ویا حاوی الفضائل والعطایا
که شیعره‌که‌ی هه‌موو ته‌واو کرد، ئیبن عه‌باس ده‌ڵێ پێغه‌مبه‌ر (د.خ) ده‌ستی به گریان کرد و ئه‌نجا هاوه‌ڵانیش هه‌موویان ده‌ستیان به گریانێ کرد. ئه‌وجار فه‌رمووی ئه‌ی کۆمه‌ڵی بڕواداران کێ له ئێوه هه‌یه ئه‌و ره‌ئسولغۆله مه‌لعوونه‌ی بناسێت؟ عه‌مری کوڕی ئومه‌ییه گوتی من ده‌یناسم!
پێغه‌مبه‌ر (د.خ) پێی فه‌رموو ده‌ی پێم بڵێ:
عه‌مر باسی چۆنیه‌تی ناسینه‌که‌ی ده‌کات له پێش ئیسلام و چۆنیه‌تی چوونه‌که‌ی بۆ ئه‌وێ به درێژی باس ده‌کات ئینجا پێغه‌مبه‌ریش له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵان کۆده‌بێته‌وه و داوای ئه‌وه ده‌کات کێ له ئێوه ده‌توانێ بچێته ئه‌و مه‌مله‌که‌ته؟ دوای ئه‌وه‌ی جوبرائیل دێته خواره‌وه و ئاماژه به زوبێر ده‌کرێت و ئیدی لێره‌وه به‌سه‌رهاته‌که درێژه ده‌کێشێت و ئیمامی عه‌لی و له‌شکره‌که‌ی به‌رێده‌که‌ون بۆ یارمه‌تیدانی زوبێر.
رووداوه‌که زۆره و ته‌نیا کتێبی فتوح الیمن الکبری به په‌خشان و جارجاریش به شیعر له 160 لاپه‌ڕه‌دا رووداوه‌که‌ی گێڕاوه‌ته‌وه.

## سەرچاوەی سەرەکیی ئەم داستانە:

ئەم داستانە یان فتوحاتنامەیە، بە زمانی عەرەبی بەناوی (قصة فتوح اليمن الكبرى الشهير برأس الغول وما جرى للامام على الفارس الكرار والبطل المغوار كرم الله وجهه مع عدو الله رأس الغول والبطل المهول)ـە،

ئەم کتێبە بێ ئەوەی ناوی نووسەر و مێژووی چاپکردنی لەسەر بێت لە کتێبێکی 160 لاپەڕەیی پێکهاتووە و لە میسر چاپکراوە، هەر لەو کاتانەشی چاپکراوە دیارە نوسخەی گەیشتۆتە کوردستان و لە کوردستان ئەم پەخشانە کراوەتە شیعر و لە شێوەی هۆنراوە (مەنزووم) دا کراوەتە کوردی.

ئێمە وێڕای ئەم کتێبە، بەدوای دەستخەتی عەرەبی راس الغۆلیش گەڕاین، دەستخەتێکمان بەرچاو کەوت، کە بەشی دەستخەتخانەی زانکۆی (مەلیك سعوود) وێنەیان گرتووە و دەستخەتێکی 22 بە 15.5 سانتیمەترە و 49 لاپەڕەیە و کەسێك بەناوی محەمەد شێخ مستەفا لە ساڵی 1253ی کۆچی نووسیویەتیەوە. دەقەکە هەمووی بە پەخشانە و سەرەتا دەستپێکەکەی نەماوە.

## چی لەبارەی رەئسولغۆڵەوە نووسراوە؟

تا ئێستا هیچ گوتار و نووسینێك لەبارەی ئەم داستانە بە زمانی کوردی نەنووسراوە، ئەگەرچی دەستنووسەکانیش لە ناوچەی جۆراوجۆر هەبوونە و بە درێژایی زیاتر لە سەد ساڵ لەپاڵ دەستخەتەکانی بەیتی بەهنەسا و سیسەبان و فتوحاتی شام، ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو ماوە دوور و درێژەدا ئەوەی ئێمە ئاگادار بین تا ئێستا هیچی لەبارەوە نەنووسراوە. تەنیا عەبدولرەقیب یوسف لە وتارێکدا ناوی هێناوە و باسی نووسەرەکەی کردووە.

## دانەری ڕەئسولغۆلی کوردی کێیە؟

بێگومـان لـەکاتی بەراوردرکردنەکـەدا بـۆ ئێمـە ڕوون بوویـەوە و دڵنیـاین لەوەی کە شاعیری کورد راستەوخۆ کتێبی (فتوح یمن الکبری) ی کردۆتە کـوردی و بـە شـیعر هۆنیویەتیـەوە، بـەڵام لـەو دەسـتخەتانەی کەوتنـە بەردەستمان، هیچیان بـە ڕوونـی باسـی شـاعیرەکە ناکـەن، تـەنیا نـاوی نووســەرەوە (ناســخ)ەکە لــە کۆتاییەکــەدا نووســراوە. بــەڵام لــەو دەستخەتەی ئێمە بۆ بەراوردکردن بەکارمان هێناوە، دەستخەتێکە کاتی خۆی بەڕێز عەبدلورەقیب یوسف پەیدای کردووە، لەوێدا لـە لاپـەڕەی یەکەم و لاپەڕەی کۆتایی، ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە دانـەری ئـەم ڕەئسولغۆلە (شێخ نووری شێخ هادی گردەشینی)یە. لـە نووسینێکیشـدا کە لەبارەی بەهنەساوە نووسیویەتی، ناوبراو دەنووسێ: شێخ نـووری دە کتێبی ئایینی بە کوردی هۆنیوەتەوە، وەکو فەتحی بـەدر، میعـراج، چـل موعجیزات، عەقیدەی ئیمان، رأس الغول، کتێبەکانی هەمووی بـە خـەتی خۆی هەبووە، بەڵام کرم و مشك پەرپووتیان کـردووە. هـەروەها دەڵێـت هـەموو دەسـتخەتەکانی ون بوونـە و تـەنیا دەسـتخەتی سیسـەبانی بـە خـەتی خـۆی ماوەتـەوە. نـاوبراو ئامـاژە بـەوەدەدات کـە توانیویـەتی تەرجەمەی ژیانی شـێخ نـووری سـاغ بکاتـەوە بـەوەی لـە سـاڵی 1936 چۆتە بەر رەحمەتی خودا.[1]

بـەڵام تـا ئێسـتا بـە تـەواوی بـۆ ئێمـە ڕوون نەبۆتـەوە، چـونکە لـەناو مەتنەکەدا بە هیچ شێوەیەك ناوی ناوبراو نەهاتووە.

---

1- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دەستنووسی بەهنەسا، عەبدولرەقیب یوسـف، گۆڤـاری کـاروان، ژمـارە 15، 1982.

**ئەو دەستنووسانەی لەم کتێبەدا کاریان لەسەر کراوە:**

1–دەســتخەتێکی رەئســولغۆل کــە لــە عەبــدوڵڵا ئیــبراهیم ســکتانی وەرمــانگرتووە و دیــارە ســەیید محەمــەد غــەریب نوســیویەتیەوە و لــە کۆتاییدا نووسراوە: تمام شد فتح غزای قلعەی یمن کـە مشـهور اسـت بـە راس الغول لعنة الله عليه از دست **سید محمد غريب فی قرية زيوه خۆشناب** اللهم اغفر له ولوالديه واحسـن اليهمـا واليـه بحرمـت فی عظم الدين لديـه يـا ارحم الراحمين.. اللهم صل على محمد. ئەمن لەو وەقتی کە ئیرادەم کـرد سیسەبان وە بەهنەسا وە راس الغۆل بنوسـم .. والله مـا قطعتـه مرة اخرى بعد الا ولي حتـى تممت بها هذه الثلاثـة المذكور. قەلـەمم قـەتع کـرد هـەر بـۆ قەتعەی هەرسێکم تەواو کرد بحمدلله تعالى خودا موەفيق بوو.

ئێمە ئەم دەستخەتەمان کردە بناغەی بەراوردکردن و ساغکردنەوەکە.

2– دەســتخەتێك کــە لــە ســەرەتای هەشــتاکانی ســەدەی رابــردوو عەبدولرەقیب یوسف پەیدای کردووە، ئەمەشـیان هـەر بـە خـەتی سـەید محەمەد لە زێوە نووسـراوە و لەگـەڵ نوسـخەی مەتنەکـەدا جیاوازییـەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام وا دەردەکەوێت سەید محەمەد چەند جارێك ئەمەی بـۆ خـەڵکی تـر نووسـیوەتەوە و پێدەچـێت دەقەکـەی ئەزبـەر بووبێـت، لەبەرئەوە لە چەند جێگـادا جیـاوازیی کـەم دەبینرێـت، ئێمـەش بـۆ ئـەو دەسـتخەتە لـەکاتی بەراوردکردنەکـەدا نیشـانەی (ن) مـان بـۆ دانـا. لـە کۆتایی ئەم دەستخەتەدا مێژووی 1356ی کۆچی نووسراوە، کە دەکاتە سـاڵی 1937، سـاڵی نووسـینی دەسـتخەتەکە بـووە. بـەم شـێوەیە نوسراوە:

تمت شد فتح غزای قلعة يمن كه مشهور است براس الغول لعنه الله از دست حقير المذنب المحتاج الغريب الواقع في بحر العصيان المهموم المغموم في

كل حين وآن، الراجي الى الله المستعان رِفعهما عن قريب الزمان اللهم ارفعهما بحرمت سيد ولد عدنان .. (سيد محمد) اللهم صل على سيدنا محمد واله وصحبه وسلم. ﺋ قريه زيوه خۆشناو سنه 1356.

3– ئەم دەستخەتە کە ئێمە نیشانەی (خ) مان لەم بەراوردکردنە بۆ داناوە، دەستخەتێکە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نەنووسراوە، بەلاّم لە هەمان خەتی دیکە دەچێ کە لە دەستنووسی دیکەدا بینراوە، ئەویش خەتی مەلا مستەفای کوڕی مەلا سولێمانە، بەلاّم ئێمە لە (مەلا خالید)مان وەرگرت، کە کوڕی ئەم مەلا مستەفایەیە و دانیشتووی گوندی گەویلانی ناوچەی سورچیاتییە.

4–لەسەروبەندی تەواوبوونی ئەم کتێبەدابووین، بیستمان دەستخەتێکی دیکەی ڕەئسولغۆل لای پارێزەر تاریق جامباز هەیە، ئەو دەستخەتە دیارە هەمدیس سەید محەمەد لە زێوە نووسیویەتیەوە و دواتر بۆ ئەوەی نەفەوتێت، تاریق جامباز لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دووبارە دەینووسێتەوە، بۆ ئەوەیشی کە بزانێت هەڵەی نەکردووە لە نووسینەوەکەدا، نیشانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەلاّتێی دەدات، ئەویش تەواوی تێکستەکەی ئەزبەربووە و لە ڕوانگەی ئەو شێوەیەی کە لەبەری کردووە پێیدادەچێتەوە و لە چەند شوێنان بۆی ڕاست دەکاتەوە. لەبەر گرنگی ئەزبەربوونەکەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا، پێمان وابوو لەگەڵ نوسخەی مەتن لە هەندێك ڕوودا جیاوازە، بۆیە ئەمەشمان وەك نوسخەی بەراورد بەکارهێنا و لەسەر ناوی تاریق جامباز، نیشانەی (ت)مان بۆ دانا. ئەم دەستخەتەش لە کۆتاییەکەیدا وەها نووسراوە:

کۆتایی هات فەتحی قەلاّی یەمەن کە مەشوورە بە ڕەئسولغۆل لە رۆژی جومعە 1393/2هـ. 1973/9/27م . (بۆ پێداچوونەوەکەش کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەلاّتێ پێداچۆتەوە، وای نووسیوە): هەمووم

خوێنـدەوە کەلـەن و کوێسـەکانم راسـت کردنـەوە بـە پێـی تـەوانام. بـۆ خاتری کاکە تاریقی پلك زام لە ڕێکەوتی 29/7/ 1979.

کەواتە لەم کتێبەدا چوار دەستخەت ئیشیان لەسـەر کـراوە و یـەکێکیان کراوەتـە بناغـە و ئـەم بناغەیـە لەگـەڵ سـێ دەسـتخەتی دیکـەدا بەراوردکراوە.

## کێش و سەروای دەقەکە :

بێگومان ئەم دەقـەش کـە بـە داسـتانە شـیعر دەخەملێنـدرێ، وەك هـەر داسـتانێکی دیکـەی کـوردی خـاوەنی کـێش و سـەروایە، بـەلام دەبـێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم دەقە سەرەتا بە زمانی عەرەبی بووە و بـە پەخشـان نووسـراوەتەوە. هۆنـەری کـوردی هـاتووە هـەمان دەقـی وەرگێڕاوە و لە شێوەی کێشێکی سـووك کـە زیـاتر جـۆش و خـرۆش بـە گوێگر بدات، کێشەکەی بۆ چنیوە. کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە لێی بدوێین:

1-کێش: بێگومان کێش ڕەگەزێکی گرنگی دەقی داستانە شیعرییەکانە، هـەتا پێیـەکانی کێشـیش کـورتتر بـن، زووتـر دەچـێتە گـوێی خوێنـەر و خوێنەر زیاتر لەگەڵی بە جۆش و خرۆش دەبێت و ریتمە مۆسیقاییەکەی پتر دەبێت. لەو سۆنگەوە ئەوەی ئەم داستانە شیعرییە دوور و درێژە لـە داستانە هاوشێوەکانی خۆی وەك (سیسەبان و بەهنەسـا) جیادەکاتـەوە ئەوەیـە کـە لـە سـەرتاپای ئـەم داسـتانەدا تـەنیا یـەك جـۆر کـێش بەکارهاتووە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە نووسەر چـەند هـەزار دێڕێـك بـە یـەك کـێش بهۆنێتـەوە، کـە نیشـانەی لێهـاتوویی شـارەزایی هۆنـەر دەگەیەنێت.

ئەو کێشەی لەم دەقەدا بەکارهاتووە، بەگشتی کێشی خۆماڵییە و هەر نیوەدێرێکی لە حەفت بڕگە پێك دێت و بە زۆری لە (4+3) بڕگە پێك دێت، وەك:

**لە شێخ ئەبولحەسەنی**

**یەعنی شێخی ئەشعەری**

**ریوایەت دەکا کەلام**

**هەتا دەگاتە سەری**

هەندێك جاریش خوێنەر وا هەست دەکات، کێشەکە ئەوەندە خێرا و بێ گرێ و گۆڵە، وەك ئەوەی لە بڕگەی کورت و درێژیشدا رەچاوی وردی و کارزانی کرابێت و وەك یەك بەکارهاتبن، ئەوکاتە بۆی دەردەکەوێت کە کێشەکە ئەگەر کت و متیش عەرووزی نەبێت لە سەرتاپایەکەی، ئەوا لە زۆر لە پارچە و تەنانەت لاپەڕانیشدا بە تەواوی بە عەرووزی خۆی نیشان دەدات و کە دوو نیو دێڕان لێك بدەیت، کێشی (مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن) دروست دەبێت. ئەگەرچی ئەم شێوەیە لەناو زانستی عەرووزدا خوویا ناکات، بەلاّم بە هاوشێوەبوونی بڕگەی کورت و درێژی نیوەدێرەکاندا وەك کێشێکی تەواو عەرووزی خۆی نیشان دەدات. دەنا بەگشتی بە کێشی خۆماڵی بەکارهاتووە.

2–سەروا:

ئەم داستانە شیعرییە دەتوانرێت بە گوێرەی سەروا بکرێتە بەند بەند، ئەویش ئەوەیە کە ڕاستە بەگشتی سەروایەکە مەسنەوییە، بە مانایەکی تر سەروای یەکگرتوو نییە، بەلاّم ئەگەر حیسابی غەزەل و قەسیدە بکەین و بەوە هاوشێوەکەی لە رووی پێکهاتەو ژمارەی دێر بدۆزینەوە، ئەوا لەم دەقەدا هەندێك جار زیاتر لە سێ دێرە شیعر بە یەك پیتی

سەروا بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هەندێك جاریش کەمتر و تەنانەت سێ دێر و دوو دێریشی تێدا هەیە. بەڵام بە زۆری دەتانین بە بەند یان پارچەی ناو بنێین کە بەشێك لە مژارێك تەواو دەبێت و لەگەڵیشیدا سەروایەکەی دەگۆڕێت. ئێمەش هەر کات سەرواکە کۆتایی پێ هاتبێت، لە بەشی دیکەمان جیا کردۆتەوە و بە گوێرەی سەروا پارچەکانمان لێك هاوێر کردووە و ناوبڕمان داوەتێ.

شێوازی سەرواکانیش بەشی زۆری نیوەدێری یەکەم واتە سەدری سەروایەکەی ئازاد بووە و نیوەدێری دووەم واتە عەجزی پابەندی سەروا بووە. لە هەمان کاتدا هەندێك جار نیوەدێری یەکەم و نیوەدێری دووەم هەردووکیان سەروایان وەك یەکە، وەك سەرەتای داستانەکە وا هاتووە، بەڵام هەندێك جاریش لە روی سەرواوە نیوەدێری دووەم واتە عەجز نییە و تەنیا سێ یان پێنج یان حەفت یان نیوەدێری پتر هەیە و بە جووت کۆتایی پێ نەهاتووە و نیوەدێرەکە بە هەتیوی ماوەتەوە.

بۆ نموونە ئەم بەندە لە رووی سەرواوە لە پێنج دێر پێك هاتووە و هیچ نیو مالك/ بەیتێك بە هەتیوی نەماوەتەوە و سەروایەکان لە کۆتایی نیوەدێری دووەمدا هاتوون:

**ئەوجـــــا دەڵێم یائەڵڵاْ**

**بەحەقی سەیدی ڕەسول**

**تەوفیقم بدەی یاڕەب**

**دوعاشم بکـەی قبوڵ**

**ریوایـــــەتم وا دیتیە**

**بە موفەصصەل و بە تووڵ**

هەندێك جاریش هەردوو نیوەدێر خاوەنی یەك سەروان، وەك:

**ئەووەل دەڵێم یا سوبحان**
**خالیقی ئەرز و ئاسمان**
**خاڵی لە عەیب و نوقصان**
**بێ شەریك و لامەكان**

لێرەدا نیوە دێری كۆتایی لەگەڵ هی دوای خۆی یەك دێری پێك هێناوە و سەروای بەندێكی دیكەی دروست كردووە و بۆیە ئەم بەندە لە رووی سەرواوە تەنیا لە سێ نیوەدێر پێك دێت.

## شێوازی كاركردنمان لە بەهنەسادا:

**ساغكردنەوە:**

لەبەرئەوەی سروشتی ئامادەكردن و ساغكردنەوەی دەستنووسەكان وایە، هەڵبژاردنی دەقێك وەك دەقی سەرەكیی لێكۆڵینەوەكە كارێكی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر چەند دەستنووسێك لەبەردەست بن، لەم كتێبەشدا ئێمە ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ بووینەوە، بۆیە دوای قوڵبوونەوەمان لە تەواوی ئەو دەقانەی لەبەردەستمان بوون، لەنێو ئەو چوار دەستنووسەدا دەستنووسی عەبدوڵڵا ئیبراهیم سكتانیمان بە باش زانی كە بیكەینە بناغەی كارەكەمان، چونكە سەرەتا و كۆتاییەكەی زۆر ڕوون بوو و بە نوسخەیەكی پڕ كامڵترین و ڕەوانترین خۆی نیشان دەدا و لە ڕووی گۆڕانیشەوە، گۆڕانەكانی سێ دەستخەتەكەی دیكە لەیەكدی نزیكتر بوون. جا هەڵبژاردنی دەقی سەرەكیی كەوتۆتە بەر نەشتەری ساغكردنەوە و لە شوێنێكدا كە سەروا یان كێشی بەیتەكان ناتەواو بووبن، پەنامان بۆ دەقی تر بردووە و ڕاستمان كردۆتەوە، ئەگەر چی زۆرجارانیش بۆ ئەوەی بەراوردەكە ڕوونتر بێ، بۆ خوێنەرمان

جێهێشتووه تا له ئەنجامی ڕامانی بۆ دەقی تر که ئێمه له پەراوێزدا ئاماژەمان بۆ کردووه، لایەنی ڕاست و دروستی بەیتەکەی بۆ دەردەکەوێت. ئەمه وێڕای ئەوەی به ڕێنووسی ئێستای نووسین، دەقەکەمان نووسیوەتەوه.

**لێکۆڵینەوه:**

هەرچی لێکۆڵینەوەیه که له چوارچێوەی پێشەکییدا جێگامان بۆ کردۆتەوه، تیشك دەخاته سەر چەند لایەنێك لەوانه باسکردنی ڕەئسولغۆل و چۆنیەتی ڕووداوەکه و سەرچاوەی سەرەکیی داستانەکه و دەستخەتی عەرەبیی داستانەکه و چاپه عەرەبییەکانی ڕەئسولغۆل و دانەری داستانەکه به کوردی و عەرەبی و لایەنی کێشی داستانەکه و سەروا و جۆرەکانی لەناو چنینی دەقەکەدا به وردی لێیان کۆڵدراوەتەوه و پاشان بەرنامەی کاری ئەم کتێبەش خراوەته ڕوو که خۆی له چەند بڕگەیەکی وەك ساغکردنەوه و لێکۆڵینەوه و بەراورد و فەرهەنگۆگ و پەراوێز و دەبینێتەوه.

**بەراورد:**

لەم کتێبەدا وێڕای ئەوەی دەستخەتێکی دیاریکراو کراوەته بنەما، لەگەڵ ئەوەشدا دەستنووسەکه سەرەکییەکه لەگەڵ سێ دەستنووسی تر بەراوردکراوه و له پەراوێزدا ئاماژه به جیاوازییەکانیان کراوه.

**پەراوێز:**

لە پەراوێزدا وێڕای جێکردنەوەی لایەنی بەراوردەکە، لە هەمان کاتدا لە هەر شوێنێك پێویست بە ڕوونکردنەوەیەك بووبێ، لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەکە نووسراوە.

**فەرهەنگۆك:**

لەم بەشەدا کە کەوتۆتە بەشی دواوەی کتێبەکە و لە دوای مەتنی داستانەکە دێت، هەموو ئەو وشە عەرەبی و تورکی و فارسییانەی کە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر ئاسان نییە، ماناکانیان لێدراوەتەوە، تەنانەت ئەو وشە کوردییانەش کە نەوەی ئێستا لێیان حاڵی نابێت، ماناکانیان بۆ نووسراوە. لەمەشدا پشت بە فەرهەنگی کوردی و زمانانی تر بەستراوە.

لە هەمان کاتدا نەمانویست پاشکۆیەکی تایبەت بە ژیاننامەی ئەو کەسایەتییانەی ناویان هاتووە تەرخان بکەین، بۆیە هەر لەگەڵ فەرهەنگی وشەکان، هەر کاتێك بە گوێرەی ریزکردنی پیتەکان ناوی کەسایەتییەك هاتبێ، ئێمە کورتەی ژیانەکەمان نووسیوە، کە تێیدا پشت بە کتێبەکانی مێژوو و ژیانی هاوەڵان بەستراوە. دواتر وەك نموونە وێنەیەکی ئەو دەستخەتانە داندراوە کە لەم بەراورد و ساغکردنەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە.

**هێمن عومەر خۆشناو**
**چەولیك/ باکووری کوردستان**
**2017/2/1**

**دەقی ڕەئسولغۆل**

**بسم الله الرحمن الرحيم[1]**

**ئەووەل دەڵێم یا سوبحان**
**خالیقی ئەرز و ئاسمـــان**
**خاڵی لە عەیب و نوقصان**

**بێ شەریــك و لامەکـــان[2]**
**ساحێبی عیلم[3] و حیکمەت**
**قادر[4]ی حەیی غەفـــــوور**
**ئەزەلی و ساحێب قودرەت**
**ڕەززاقــی زیڕوحـــانی[5]**
**بەنی ئادەم چەند میللەت**
**هەر لە دەوری باب ئادەم[6]**
**تـــا سەییدی ئاخـــیرەت**
**چەند ئەنبیای ناردینە**
**لۆ تەبلیغی ڕیسالــەت**

---

1- لە (خ) دا هاتووە: بسم الله الرحمن الرحيم نستعين رِب بالخير يا الله رِب يسر ولا تعسر. هذا فتح يمن وقتل راس الغول لعنة الله عليه

2- لە (ت): بێ شەریك و بێ مەکان. لە (خ) دوای ئەمە ئـەم لەتـە هـاتووە: نایەتـە عەد سیفاتت

3- لە (خ): ساحێبی حیلم و. لە (ت) ئەم لەتە نەهاتووە

4- قادر: القادر واتە بەتوانا، ناوێکە لە نەوەت و نۆ ناوو سیفاتەکانی خودا.

5- لە (خ) : ڕەززاقی ذی الروحانی


6- لە (خ): هەر لە بابە ئادەمی

**تمام شد[1] فتح غزای قلعەی یمن کە مشهور است بە رأس الغول[2] لعنه الله علیه از دست سید محمد غریب فی قریه زیوه خۆشناب** اللهم اغفر لە ولوالدیه واحسن الیهما والیه بحرمت في عظم الدين لديه يا ارحم الراحمين.. اللهم صل على محمد **ئەمن لەو وەقتی کە ئیرادەم کرد سیسەبان وە بەهنەسا وە ڕاس الغۆل بنوسم** .. **والله** ما قطعته مرة اخرى بعد الاولى حتى تممت بها هذه الثلاثة المذكور. **قەلەمم قەتع کرد هەر بۆ قەتعەی هەرسێکم تەواو کرد بحمدلله تعالى خودا موەفیق بوو.**


---

1- لە (ت): ئامین والحمدلله رب العالمین. کۆتایی هات فەتحی قەڵای یەمەن کە مەشووره بە رەئسولغۆل لە رۆژی جومعە 1393/2هـ. 1973/9/27م . {بۆ پێداچوونەوەکەش کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەڵاتیێ پێداچۆتەوە، وای نووسیوە: هەمووم خوێندەوە کەلەن و کوێسەکانم راست کردنەوە بە پێی تەوانام. بۆ خاتری کاکە تاریقی پلك زام لە رێکەوتی 29/7/ 1979}


2- لە (ن): تمت شد فتح غزای قلعة یمن کە مشهور است براس الغول لعنه الله از دست حقیر المذنب المحتاج الغريب الواقع في بحر العصيان المهموم المغموم في كل حين وآن، الراجي الى الله المستعان رِفعهما عن قريب الزمان اللهم ارفعهما بحرمت سيد ولد عدنان .. (سيد محمد) اللهم صل على سيدنا محمد والة وصحبة وسلم
فی قریه زیوه خۆشناو سنه 1356




وێنەی لاپەڕەی کۆتایی رەئسولغۆل بە دەست وخەتی مەلامستەفا گەردی


بسم الله الرحمن الرحيم


وێنەی لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسی ڕەئسولغۆل هی عەبدوڵڵا ئیبراهیم سکتانی




**دەستخەتی لاپەڕەی کۆتایی بەهنەسا هی عەبدوڵڵا ئیبراهیم سکتانی کە بە دەستی سەید محەمەد لە گوندی زێوە نووسراوەتەوە.**



**لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسی عەبدولرەقیب یوسف کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسەری نووسیوە دانراوی شێخ نووری شێخ هادی گردەشینی**



**لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسی عەبدلرەقیب یوسف**



**وێنەی لاپەڕەی کۆتایی رەئوسلغۆل بە دەست و خەتی تارق جامباز و ئیمزا و پەسەندی مەلاعەبدوڵڵای قەلاتی**

**سەرچاوەکان:**

-الاستيعاب في معرفة الاصحاب، القرطبى، المحقق على محمد البجاوى, مجلد الرابع, دار الجيل, بيروت, 1992.
-معرفة الصحابة، ابو نعيم، دار الوطن، الرياض، ط1، 1998
–من اسرار البيان القرانى، د. فاضل صالح السامرائى، دار الفكر، اردن، 2009.
-قصة فتوح اليمن الكبرى الشهير برأس الغول وما جرى للامام على الفارس الكرار والبطل المغوار كرم الله وجهه مع عدو الله رأس الغول والبطل المهول، مكتبة الجمهورية العربية، الازهر، مصر، بدون سنة الطبع.
-غزوة رأس الغول، بخط محمد بن مصطفى، سنة 1252هـ، مكتبة جامعة الملك سعود، قسم المخطوطات.
**–دەستنووسی بەهنەسا، عەبدولرەقیب یوسف، گۆڤاری کاروان، ژمارە** 15، 1982.

## پێرست

پێشەکی...........................................................................5
کورتەی داستانەکە.......................................................5
سەرچاوەی سەرەکیی داستانەکە.........................................9
چی لەبارەی رەئسولغۆل نووسراوە.......................................9
دانەری رەئسولغۆلی کوردی کێیە؟.......................................10
ئەو دەستنووسانەی لەم کتێبەدا کاریان لەسەرکراوە....................11
کێش و سەروای دەقەکە.................................................13
شێوازی کارکردنمان لەم کتێبەدا.......................................16
دەقی رەئسولغۆل.........................................................19
وێنەی دەستنووسەکان...................................................420
فەرهەنگۆک..............................................................426
سەرچاوەکان.............................................................463

نووسەری ئەم کتێبە هەر لە بارەی ئەم داستانانەوە، ئەم دوو کتێبەشی چاپ کردووە:

سیسەبان، هەولێر 2012

بەهنەسا، دیاربەکر 2017

بۆ لەمەودواش:

-فەتحی شام